www.kurdistannet.org
5-10-2006 0:09بەکاتی ناوەندی ئەوروپا



دانمارک
2006/9/22
Xozga86@hotmail. com

## پەیامی بەیانییەکی پڕ ئەوین! ... سارا عومەر



کە سبەینان لەگەڵ تروسکەی شنەی بەیاندا
بەرەو لای خۆت ڕاپێچم دەکەیت
کە دەستم دەگریت بەرەو سەرابێک
لە هەناسە لە دایک نەبووەکانت و
بە نیگایەکی پڕ لە زەردەخەنەوە
دەست لە ملم دەکەیت
بەرەو جێژوانێکی هەرگیز نەبینراو
لەگەڵ جریوەی بولبوولە بە تاسەکانی بەیانیاندا کۆم دەکەیتەوە
لەو کاتەدا بەیانیت پڕ ئەوین، سۆزەکەم!
هەناسە نامۆکەی من... خۆزگە بەیانییەک تێدەگەیشتیت
کە تۆ شاکارێکیت لە خەون
داستانێکیت لە بەرائەت
وەرزێکیت لە نێرگز
بیابانێکیت لە تەنهایی
پایزێکیت لە جودا بوون و
زستانێکیت لە کلوی سپی ڕۆحت!
بەیانیان تۆ دەخۆمەوە لەباتی زوخاوی غەریبی
بەکۆمەڵێک حەسرەتی جێماوەوە
تۆ هەڵدەمژم
لەبری هەناسە بۆنت پێوە دەکەم
لەبری گوڵاو
شوشەی سۆزم پڕ لە بۆنوبەرامی پەمەیی تۆ دەکەم
تا بۆ هەتا هەتایە
بۆنی تۆ لەسنگ و مەمکەکانم بێت
تێهەڵکێشی خۆمت دەکەم!
تا دوا ساتەکانی ژیانم
بە پێنوسی ئاسمانی چرپەکانت کلی چاوم دەدەم

ڕەش ڕەشیان دەکەم لە وێنەی خەڵوز
خۆ گەر هاتو کوێریش بووم
هەرگیز دەستت لێبەرنادەم!
دەستە خەیاڵییەکەت بە سەرو سیما حەزینەکەمدا دەهێنم و
خۆم تورِ دەدەمە سەر باڵە کۆترینە خەیاڵییەکانت
تا منیش وەک تۆ بفرِم..
لەسەر پشتە ڕەنگ گەنمییەکەت
خەونەکانم ئاوێزانی ئاسمانی جوانیت دەکەم
ڕاپێچمکە بەرەو دەڤەرێک دوور لە مرۆڤ
دوور لە درۆ... دوور لە خیانەت!
بمبە بەرەو کوچەیەک لە کۆڵانەکانی دڵت
تکا دەکەم بەم ناوەختە ئۆغر مەکە
جارێ زۆر زووە بۆ ڕۆشتن
جارێ فرێسکی یەکەمت وشک نەبۆتەوە
تەماشابکە
نازدار... نازدار
بە کوڵمە ئاڵەکانتدا جۆگەلەیەکیان لێداوە
لە ڕەنگی من
جارێ زۆر زووووە....
بروانە لەم خەونە سارد و سرِە
وەختە لە سەرمانا ببمە تەرزەو
بەسەر پێخەفە زێرِینەکەتتدا ببارێم
ببمە کچە دەروێش و
لە قاپییەکانی خودادا سەمات بۆ بکەم
پرچم بەردەمەوە و بڵێم
وەرەو بە ئارەزووی خۆت بۆنی بکە
بۆنی تازە حەمامی لێدێت
بۆنی ئەو شامپۆیەیی کە خۆت حەزت لێی بوو
دڵنیام دڵم ناشکێنیت
دڵنیام بە دڵشکاوی جێم ناهێڵیت ئەمجارەیان!
شێتە گیان.. بیرت چوو؛
تۆ تا شێت نەبویت نەهاتیتە خەونم
منیش... تا تۆی مەجنوونم نەدی
ماچەکانم نەکردە بریسکەی شەوانت!
پەنجە نەرمەکانم
نەنایە سەر لێوە شەق بردووەکانت و
بە شەرمەوە...
بە سەیرکردنی چاوە پرِ لە نازەکانت

نەمدەکردیتە فەرهەنگی ژیانم!
لەدیوانی هەستەکانمدا
بەفرمێسک و هەنسکی ساوایەتیم
بەڵێنم نە دەدا
شنەبایەکبم تا هەناسەبدەم
حەیزەرانێک بم تا بڵندتر ببم
لە ئامێزی شەوە ئەفسوناوییەکانتدا
لێوێک بم تا بمژیت
مەمکێک بم تا هەڵم گلۆفیت و
جەستەیەک بم
لە چوار وەرزی عەشقتدا
سەوز بم
بە وێنەی سبەینانی لووتکەی بەختەوەریت!
لەگەڵ تۆمە... ئاوریشمی ئەوینم ؛
دڵنیابە... لەگەڵ بەخەبەر هاتنت سبەینێ
بۆت ڕوندەبێتەوە
ئەمە تەنها خەونێکە.. تەنها خەونننننن
نزادەکەم بیرت نەچێت
پەپوولەکەت گشت بەیانیان
بەر لە هەموو کچانی شار پێت دەڵێت
بەیانیت پڕ موحیبەت خونچە سوورەی خۆزگەکانم
بەیانیت ڕۆشن ئەی تاڵ تاڵی پرچی خەونەکانم
بەیانیت پڕ لە مەل و پەپوولەی داستانی شیعر
بەیانیت پڕ لە گوڵی تەمەن
....